

## کۆڕی بەڕێز / عەلی تەتەر

## " دەستپێکی ژیانی سیاسی لە کوردستانی گەورە "

بابەتەکەمان لەسەر ( دەسپێکردنی ژیانی سیاسی لە کوردستاندا ) ژیانی سیاسی بەتایبەتی تەرکیزکردن لەسەر ژیانی حیزبایەتی‌یە ، بەتایبەتی لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم تا دەگاتە شەڕی جیهانی یەکەم ، ئەم فەترەیە مێژوونووسانی کورد کە بەفەترەی دەستپێکردن یاخود ئامادەکاری وە دەستپێك بۆ وەرگرتنی تەجروبە بۆ دەستپێکردنی ڕێك و سیاسی لەپاش جەنگی جیهانی یەکەم دەستنیشان دەکرێت ، خۆی ، بێگومان لێکۆڵینەوە لەسەر ژیانی سیاسی میللەتێك پێویستی بەوە هەیە باری کۆمەڵایەتی ، ئابووری کەلتووری ئەو میللەتە لەوسەردەمە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ ، بەڵام کۆمەڵگای کوردەواری بە پێچەوانەی کۆمەڵگاکانی دەوروبەر هەتا کۆمەڵگای ئەو ڕۆپیش ، جیاوازیەکی زۆری هەیە ، ئێمە ناتوانین پرانسیپی یاساکانی نەگۆڕی ئابووری کەلتووری میللەتانی تر لەسەر کورد شی‌بکەینەوە ، دیارە جیاوازییەکی زۆری هەبووە ، بۆیە کەدەبینین هەتا کارتێکردنی باری ئابووری ، کەلتووری و کۆمەڵایەتی لەسەر گەشەپێکردنی ژیانی سیاسی لە کوردستاندا ، جیاوازیەکی زۆری هەیە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا ، چونکە میللەتێك بووە ژێر دەست بووە ، میللەتێك بووە ، بەتایبەتی کە ئێمە باس لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە هەیەم دەکەین گۆڕانکایەکی جەزری لە کوردستان دروست دەبێ ، پاش ئەوەی ئەو چاکسازیانەی کە لەسەردەمی سوڵتان مەحموودی دووەم 1808 – 1839 دا دەکرێت .

میر نیشنەکانی کوردی قوت دەدرێن ، ئەو شێوازی کلاسیکی ، سیاسی . ئابووری کەلتووری کوردی تا ئەو سەردەمە ، کەهەبوون نامێنێ ، ئەمە دەبیتە ئەوەی کە ئەو شێوازەی کلاسیکی کوردی شێوازی سروشتیەکەی کوردی تێك بچێت تێکچوونی ئەمە دەبێتە هۆی نەمانی ئەو پرانسیپە سابیتانەی کە لەناو کۆمەڵگاکانی تری دەوروبەردا ، ئێمە دەتوانین لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین ، گۆڕانکاری لە کۆمەڵگای کوردی لە ڕووی سیاسیەوە پاش نەمانی میرنیشینی کوردییەکان ، بەتایبەتی ئەخیر میر نشینی کوردی لە 1847 نامێنێت ، میر نشینی بابان 1851 دەمێنێ ، میری پشکۆتا 1927 یش دەمێنێ بەڵام دەتوانین بڵێین ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم ، هیچ میرنشینێکی کوردی نامێنێت ، ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە ، سەرهەڵدانی بزافی نەتەوایەتی بەتایبەتی یونانی و ئەرمەن و بولگاری و

ئەلبانیەکان ئەوانـەی لـە چـوار چێوەی دەوڵـەتی عوسمـانی دەژیـن ، ئەمانـەش کارتێکردنـەکی تریـان هـەبوو، لـەڕوی عـەوامیلی خارجییـەوە لەسـەر بوژاندنـەوەی ژیـانی سیاسـی لـە کوردسـتاندا هـەروەها لەلایەکی ترەوە ، کارتێکردنی بیروباوەڕی چاکسازەکانی عوسمـانی کـارتێکرنی تریـان هـەبووە لەسـەر پێگەیاندنی هەڵبژاردەی کوردی ئەمانە بێنەسەر هەڵبژاردەی کـوردی ، بـەڵام ئـەوەی حەقیقـەت بێـت لەپاش نەمانی دەسەلاتی بنەماڵەی بەدرخانی ، عائیلەکەی کە بۆ دەرەوە دەگوازرێتەوە ، بەتایبەتی بۆ ئەستەمبۆل ، لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم جەمسەرێکی سیاسی کەلتوری لە عائیلەی بەدرخانی دروست ەبێت ، ئەمە یەکەم جەمسەرە ، کە قوتبی سیاسیە لە کوردستان بـەڵام لـەدەرەوەی کوردسـتان پێـدەگات ، لـە ئەسـتەمبۆل وەکـو شـارەکانی تـر وەکـو دیمەشـق ، حەلـەب ، لـەدەرەوەی کوردسـتان جەمسەرێك پێك بینن ، بـەڵام پـێش ئـەوەی ئـەم عائیلەیـە دوور بخرێنـەوە بـۆ دەرەوەی کوردسـتان ، بەدرخان کە حوکمەی لە نێوان 1921 – 1947 بـووە ، دەتـوانین بڵێین یەکـەم کـەس بـوو ، دەسـتی کردووە وەهەستی کردووە ، پێویستی بەهەبوونی نیمچە یەکگرتنێکی سیاسـی و عەسـکەری ، پـەیمانی پیرۆز لە ژێر سەرکردایەتی ئەو پێـك دێـت ، تـابتوانن مقاوەمـەتی حکومـەتی مەرکـەزی و سـەپاندنی دەسەلاتی مەرکەزی لەسەر کوردستان بکەن ، بۆیە دەبینین کەئەمانە پەیمانێکی پیروز پێك دەهێـنن ، بەناوی پەیمانی پیرۆز کەمستەفا بـەگ و بورۆژبـەگ و مـەحمود بـەگ و سـەرکردەکانی کـوردی ئێـران لەگەڵ نور اللە بەگ وفەتاح بەگ و عەبدوللاخانی موکسی و شەریف هەکاری بەگ لە موشێ وە حسێن بەگ کە سەرۆك هۆزێکی کوردان بووە لەقارس وقاجار ، ئەم پەیمانە سنووریێکی فراوان بەخۆی دەگرێ میری ئەردەلانیش دێتە ناوی ، بەم شێوەیە ئێمە دەبینین کە بۆ یەکەم جارە میللەتانی کورد هەست بە پێویستی یەکگرتنی سیاسی دەکەن بۆئەوەی مواجهەی مەترسی دەرەوەبکـەن ، بـەڵام ئـەم پەیمانـە لـە ژێر شاڵاوەکانی هێرشی لەشکری مونەزەمی عوسمانی تێکدەدرێ و وە ئەم بنەماڵەیە دوور دەخرێتەوە بۆ دەرەوەی کوردستان ، بەڵام لەخودی دەوڵەتی عوسمانیش دا ئەم فەترەیـە هێـدی هێـدی جموجـۆڵی سیاسی دەست پێدەبی ، بەتایبەتی لەسەر دەمی سوڵتان عەبدولەجید دا ، 1839 – 1861 وحوکمی دەکرد ، ئەم فەترەیە هەندەك ئیسلاحات دەکرێت بەتایبەتی ئیسلاحاتی سیاسی ، ئابووری لەشـکری ، زۆرشت دەکرێت وەکارتێکردنیان هەبووە هەتا لەسەر کوردسـتانیش و ئـەو میللەتانـەی لـە ژێردەسـتی عوسمانی دەژیان ، بەلام دەستپێکردنی ژیانی سیاسی لەناو حکومەتی عوسمانی دەتوانین بڵێین یەکـەم ڕێکخستنی سیاسی لەناو حکومەتی عوسمانی لەساڵی 1859 دروست دەبێت کە کۆمەڵەیەك لاو ئەفسەر هەوڵ دەدەن ڕێکخستنێکی سیاسی پێك بێنن بۆ ئەوەی بتوانن سوڵتان عەبدولەجید لە حوکم لاببەن ، بەڵام ئەمە دەستپێکە کە مرسا دەوساکار وپێی نەکرا بەم ئیشە هەڵبستێت و زوو ڕێکخستنەکەیان تێك دەچێتەوە ، بەڵام لە فەقەرەی 1860 – 1870 ئەمە دەسپێکە بـۆ پەیـدا بـوونی ڕێکخسـتنی سیاسـی لـەناو حکوومـەتی عوسمانیـدا ئـەم فەترەیەیـە هـۆی کـارتێکردنی کـەلتووری ئـەوروپی لەسـەر ڕەوشەنبیرانی عوسمانی هێدی هێدی هەندەك تەنزیماتی سیاسی پەیدا دەبێت ، قوتابیـانی عوسمـانی بۆ دەرەوەی دەوڵـەتی عوسمـانی بەتایبـەتی بـۆ فەرەنسـا و بـۆ بـەریتانیا بـۆ وڵاتـانی ئـەڵمانیا دەنێرنـە دەرەوە ، ئەمانە کە دەچنە دەرەوە دەخـوێنن بـیرو بـاوەڕی سیاسـی وچاکسازی ، ئەمانـە هـەوڵ دەدەن ئیسـلاحات لـەناو دەوڵـەتی عوسمـانی دا بکـەن ، هـەر لەسـر ئـەو مەسـەلەیە بـوو کەلـە سـاڵی 1864

لەلەندەن گۆڤاری حوریەت دەردەچێ ، کەرەفمەك بەگ و کەمال نامیق ئەم گۆڤارە دەردەکەن و داوای ئیسلاحی دەکەن داوای هەبوونی ئەحزابی سیاسی دەکەن ، بەڵام لەم فەترەیە لە کوردستاندا کە دەبینین لەپاش نەمانی دەسەڵاتی میرانی کورد چینێکی ئەرۆستوکراتی موێ پەیدا دەبێ ئەم چینە ئەرستۆکراتیە نوێیە لەپاش نەمانی دەسەڵاتی میری کورد نحن ندافع عن شعب کوردی کە خۆی میری کورد دەزانن دەسەلاتی لەسنووری عەشیرەتەك تێدەپەڕی ، لە مجموعە عەشیرەتێك لەمەجمەعە فیدراسیونی عەشیرەتێك لەژێر دەسەڵاتی میری کورددا بوو بەنەمانی ئەو ئەم شێوازە کەتێك دەچێت نامێنێ ، بەداخەوە کوردستان لەجیاتی ئەوەی وەکو دەوڵەتانی تری ئەوروپایی کە لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم یەکگرتنی ئیتالیا دروست دەبێت یەکگرتنی ئەلمانیا دروست دەبێت.

بەداخەوە لە کوردستان ئەوشتە بەپێچەوانە دروست دەبێت ، لەجیاتی ئەوە مجموعە میرنشینێك کوردی وەکو ئەو هەوڵەی میر محەمەدی ڕەواندوزی لەجیاتی ئەوەی مجموعە میرنیشینێکی کوردی ببن بەیەك ، وەمیللەتێك لێی دروستبێ وەنیشتمانێك لێی دروست بێ بەداخەوە میرنیشنێکی کوردیی تازە دابەش دەبێتەوە ، دابەش دەبێتەوە بەسەر چەند هۆزێکی بەرتەسکتردا ، لێرە وشەی میللەت بۆ عەشیرەت بەکاردێ ، بەتایبەتی لە شێوازی کرمانجی سەروو ، کەئێمە دەڵێین میللەت مەبەستمان لەوفەترەیە ، مەبەست چەند عەشیرەتە ، میللەتی فلان ، میللەتی فلان ، مەبەستیان میللەتی کورد نییە ، بەڵکو میللەت عەشیرەتە ، کە دەڵێن وڵات بەداخەوە وڵاتیش هەر وابووە ، وەکو دەڵێن میللەتی خۆشناو واتە وڵاتی خۆشناو لەجیاتی ئەمە لە ئێرانی قاجاریدا و عوسمانیدا ئەم پەیڤە بەم شێوەیە وەکو نیشتمان لە سنورێکی بەرفراوانتردا بەکار دێت بەداخەوە لە ناو کوردا بە وڵات و میللەت لێرەدا بۆ شتی بەرتەسکترا بەکار دێت لەم فەترەیەدا کە چینێکی ئورستۆکراتی نوێ کە لەڕووی سیاسییەوە زۆر گرنگە پەیدادەبی ، ئەمانە شێخی خاوەن ڕێبازە دینییەکانن ئەم فەترەیە بەحقیقەت جێی خاڵی دەسەڵاتی میرنشینە کوردیەکان پڕ دەکاتەوە ، چونکە شێخ خۆی لە دەسەڵاتی خۆی لە قالبی حیزب زیاتر دادەنێ خۆی بەشتێکی گەورەتر دەبەستێتەوە ، هەندێك جار خۆی لە شتێکی فرەنەتەوەیی دەبینێتەوە ، خۆی بەتەسلسولی عائلەی پێغمبەر دادەنێت ، خۆی بەساحێبی نەتەنیا کورد بەڵکو وەکو کوردو عەرەب تورك و ئازەری هەموویان دادەنێی بەم شێوەیە دەسەڵاتی خۆی بەدەسەڵاتێکی فراوانتر دادەنێ ، وە ئەو دەسەڵاتەی کە ئەو بەکاری دەهێنێ دینە ، کەدینی وەکو دەسەڵات بەکار دێنێ ، شتێکی مەعقول بووە لەناو هەموو عەشایری کوردیدا ، وەکو ئەلتەرناتیڤێك بۆ دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکان بەکاردێت ، هاتنی سوڵتان عەبدولحەمیدیش بەتایبەتی لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدا لەساڵی 1876 – 1909 سێ تەیاری سیاسی لەناو حکومەتی عوسمانی لەناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا ، بریتی بوون لە عوسمانیزم ، تەیاری ئیسلامیزم ، تەیاری تورکچێتی . کە سوڵتان عەبدوحەمید دەبینێت ، کەتەیاری عوسمانیزم ئەو شتە پڕبکاتەوە خەڵکی تر ڕازی بکات لەلایەکی ترەوەش تۆرانچیەت و تورکینەرمیش ، دەردێکی کوشندە بوو بۆ ئیمپراتۆریەتی عومسانی ، وەکو دەبینین لێرە بزاڤێکی ڕزگاریخواز لەنێوان ئەو میللەتانەی وە لە چوار چێوەی دەوڵەتی عوسمانی پەیدادەبێ . ئەلتەرناتیڤێکی بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆ شایە بەکار هێنانی ئیسلامیەت دەبینێتەوە ، بۆیە سوڵتان عەبدولەجیدیش هۆکارێك بووە ، جیا لەوەی کە وەکو ئەلتەرناتیڤێك دەسەڵاتێکی زۆر

دەداتە شێخەکانی ڕێبازە دینیەکانی کورد ، وەهەوڵ دەدات کە ئەمانەیین بەخاوەنی دەسەڵات لە کوردستاندا ، بەڵام لەم سەردەمەدە حەرکەتی شێخ عوبیدوڵلای نەهری ڕوودەدات ، ، حەرەکەتی شێخ عوبیدوڵلای نەهری کە ئێمە موناقەشەمان لەسەری هەیە ، ئایا حەرەکەتی شێخ عوبیدوڵلای نەهری بەتایبەتی لەسڵی 1818 – 1880 دروست دەبوو ، پێش ئەوە شێخ عوبیدوڵلائایا هیچ کۆمەڵەیەکی کوردی هەبووە هەندێك وەسائیقی بەریتانی و لەگەڵ هەندەك وەسائیقی ئێرانی لەگەڵ هەندێك نووسینی یۆنانی ، دەڵێن کەشێخ عوبیدوڵلا کۆمەڵەیەکی پێك هێنابوو ، ئەم کۆمەڵیە بەناوی ( جڤاتا تفاقا کوردان ) بووە ، ئەم کۆمەڵەیە بە زۆر ناوی دیکەش ناودەبەن ، ئەم ( جڤاتا تفاقا کورد) انە ، پێش ئەوەی پەیدا ببێ مجموعەیەك عەواملیی دەبنە هۆی ئەوەی کە ئەم کۆمەڵیە پەیدا ببێ ، کۆنگرەیەك لەساڵی 1880 لە نەهری دەبەسترێت ، بەڵام لە هەورەمان و سلێمانی وهەولێر و مەنتیقەی دهۆك و موسڵ و موشی و خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات تا دەگاتە دەچینە مەنتیقەی بەتلیسێ بەشدار دەبن ، بەڵام ئەم جڤاتە کە بەناوی ( جڤاتا تفاقا کوردان ) ناو دەبرێت ، ناتوانێت ببێ بە کۆمەڵەیەکی سیاسی کە خاوەن ئایدۆلۆجیەکەیان یان پەیڕەوەکە ، بەم شێمەی ئێمە پێی دەڵێن نابیتە ئەوە ، ئەمە کارتێکردنێکی ڕاویکالی دەکاتە سەر ئەوانەی پێش ئەو دێن ، بەتایبەتی لەسەر کوردستانی ئێران لەسەر کوردستانی عوسمانیش . ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بزاڤێکی سیاسی ڕێکوپێك لەپاش ئەوان دروست ببێ بەتایبەتی پاش تێکچوونی شۆڕشی شێخ عوبیدڵلای نەهری ، کە ئەمانە مجموعەیەك داواکاری لەدەوڵەتی قاجاری دەکەن کە بریتی بوونە لەشتێکی ڕێك و پێك : دەبێت دەسەلاتی کوردستان لەخەڵکی کوردستاندا بێت ، کەئەوانە بەناوی جڤاتی تفاقا کوردان پێشکەشی دەوڵەتی قاجاری دەکەن ، بریتی بووە کە

1- دەسەلاتی خەڵکی کوردستان لە خەڵکی کوردستان بێ .
2- هەندێ لەمالیاتی کوردستان بۆ کوردستان بێ .
3- سەرباوەکانی کوردستان لەخودی کوردستان خزمەت بکەن .
4- هاتووچۆن لەناو هەردوو پارچەی کوردستان ئازاد بێت ، پێویستی بەفرەنەبێت ئەمانە مجموعە شتێك تەرح دەکەن ، ئەگەر چی من ناتوانم بڵێم لەسەداسەد بیروباوەڕەکانی شێخ عوبیدوڵلا کوردی سیاسی بووە ، شێخ عوبیدوڵلا وە ئەوەی شیعرەکانی شێخ عوبیدوڵلا بەناوی ( توحفەت ئەلنبات ) بەحیقەت شتێك هەبووە تا سەردەمی میرمقداد مدحت بەردخان میرەکانی کورد شێخەکانی کورد خۆیان بە کورد نەدەزانی ، هەستیان بەکوردایەتی خۆیان دەکرد ، خەباتیشیان دەکرد ، شەڕیشیان دەکرد ، قوربانیشیان دەدا ، بەڵام ڕوحیەتیەکی تریان هەبوو مەسەلەن شێخ عوبیدوڵلا لە شیعرەکانی خۆی دەڵێ : من مەدحی کورد دەکەم چەنکە بەخۆم کوردنیم ، چونکە من خۆم عەشیرەتم ، ئەگەرنی کوردا بامایە وەمەدحی کوردم بکردایە دەیانگوت ئەمە کوردە ، یەعنی ئەم ڕووحیەتە پەیدانابی ، بەلام لەلایەتی ترە ئەونامەی کە شێخ عوبیدوڵلا بۆ کار بەدەستانی بەریتانیانی و ڕووسی دەنێرێ ڕووحەتێکی کوردی زۆری پێوەدیارە ، لە شیعرەکانی ڕووحیەتی کوردی پێوە دیارە ، بۆیە دەبینین ئەم فەترەیە حەرەکەتێکی موتەزەمی سیاسی عەسکەری دەست پێ دەکات ، بەلام بەداخەوە ئەمەش سەرناگرێ ، بەدوورخستنەوەی عائیلەی

نەهری ، جەمسەری دووەم لە بزاڤی کوردی دروست دەبێ کە عائیلەی شێخ عوبیدوڵلای نەهریە ، لەپاش حەرەکەی شێخ عوبیدوڵلای نەهری سوڵتان عەبدولحەمید هەوڵ دەدات بەدیلێك بۆ ئەم شتە بدۆزێتەوە ، چونکە پێشان میرە کوردەکان هەبوون ، دەسەڵاتی ناوەندی لەسریان فەرزبووە ، دەسەڵاتی کورد هاتووە ، دۆزینەوەی ئەلتەرناتیفێك بۆ ئەم کارە ، هەوڵ دەدات بۆ ڕازی کردنی کوردەکان ئەفواجی حەمیدیە دادەمزرێنێ ، ئەفواجی حەمید لە ساڵی 1891 دادەمەزرێ ، تا ڕادەیەك دەتوانن مجموعەیەك عەشایری کوردی سیاسی عەسکەری ڕابکێشن . بەڵام وەکو عەبدولرەحمان بەردخان لە ڕۆژنامەی کوردستان دەنووسێ ، دەڵێت ئەمەش وەکو ئیجرائاتێکی تری خونکار ، بووە بەسەبەبی هەڵوەشاندنەوەی کوردستان ، کوردستان دەبێت بەسێ باڵ ، کوردی حەمیدی ، کوردی ناحەمیدی ، لەلایەکی تریش موجتەمەعی کوردستان دەڵێ لە ئەرمەنە ، کوردستاندابەش دەبێتە سێ باڵی تر . هەروەها شتێکی تر کە سوڵتان عەبدولحەمید هەوڵ دەدات بکات ، ئەوەیە ئاغاکانی کورد کورشە شێخەکانی کورد ، مەکتەبێکی تایبەتی بەناوی ( عەشیرەت مەکتەبی ) بۆیان دادەمەزرێنێ ، ئەمانە دەباتە ئەو مەکتەبە ، دەڵێت هەم وەکو ڕەهین لەوێ بمێنن ، لەلایەکی تریشەوە فێری وەفاداری بۆ سوڵتان بکرێن ، بەڵام لە خودی ئەم مەکتەبە بزاڤێکی سیاسی دروست دەبێ ، گیانی ئاسنیونالینی کوردی دروست دەبێ ، بۆیەش کە ئەم ڕۆحیەتە دروست دەبێ مشارەکەتیان هەبووە ، ئەم کوڕەشێخ و بەگ و ئاغایە لەو قوتابخانەیە بەشدار دەبن لەپاشاندا دەبینین ئەمانە دەبنە سوتەمەنی ئەم ڕێکخراوە سیاسانەی کە لە ساڵی 1908 پاش شۆڕشی دەستووری عوسمانی دادەمەزرێنێ ، زۆربەی زۆری ئەو کەسانە بوونە کە چوونە قوتابخانە لە دامەزراندنی ئەحزابی سیاسی بەشدارە دەکەن ، ئەگەر پی لەو فەترەیە هەندەك مەدارسی سەربازی دەکرێتەوە ، هەندەك مەدرەسە دەکرێنەوە ، هەندەك قوتابی دەخوێنن لەناو ئەو مەدرەسانە ، دیسان بیروباوەڕی کوردیانەی ، چونکە ئەم مامۆستایانە لە دەرەوە دەرسیان خوێندبوو ، بەتایبەتی شۆڕشی فەرەنسی کارتێکردنێکی زۆری لەسەر ئەوانە هەبوو ، ئەمانە لەوێ فێری هەندێك بیروباوەڕیسیاسی دەبن بەتایبەتی لەبەغدا دەڵێن ، کوردەکان و عەرەبان ئەنجوومەنێکی قوتابیان دادەمەزێنن ، هەریەك بۆ خۆیان کە حکومەتی عوسمانی هەست بەو ئەنجوومەنن دەکات چی دەکات ، لە بەینیان ئەم ئەنجوومەنە تێك دەدات ، ئەجا کە ئەو دوو ئەنجوومەنە شەڕ دروست دەبێت . ئەم قوتابیانە لەو قوتابخانەیە دەردەکات ، هەر لەسەر ئەو مەسەلەیەش بوو ، لە 1906 ئەم قوتابخانەیە لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمید بەفەرمانی ئەو دادەخرێت بۆ ئەوەی ڕێگا لەو بزاڤە بگیرێت ، هەر لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم هێدی هێدی ، مهاجەراتەکی ئابووری لە کوردستان دەست پێ دەبی مجمووعە بازرگانەك دەچنە ئەستەمبۆل ، جگە لەمە حەرەکاتی ئەرمەنی وە بەتایبەتی ئیزرابێك دەکرێ لەلایەن حمال وماربەر لەلایەن ئەومەنیەکان لەوێ جالیەکی گەورەی کوردی لە ئەستەمبۆل دروست دەبێ جالیەکی فەقیرە لەحەمال و باربەر پێك هاتووە ، بەڵام سی هەزار کوردێك لەوێ دادەنیشن دەبنە سوتەمەنیەکی گەورە بۆ سەرهەڵدانی بزاڤی نەتەوەی کوردی ، هەروەها زۆریش لە گەورەکانی کوردیش مناڵانی خۆیان دەنێرن بۆ ئەستەمبۆل بۆ خوێندن ، لەلایەکی ترەوە سوڵتان عەبدولحەمیدیش کە هەوڵ

دەدات لەساڵی 1804 مجموعـە كوردێك ئەوكوردانـەی كـە بەرهەڵستاكارانی حكوومـەتی سـوڵتان عەبدولحەمیدیان دەكرد ڕایـان دەگوازێتـەوە بـۆ ئەسـتەمبۆل بـەڵام لێـرەدا حاڵـەتێككی پۆزەتیـف دروست دەبێ . لێـرە معـارەزی كـوردی هـەمووی لـە ئەسـتەمبۆل كـۆ دەبێتـەوە بنەماڵـەی بابـان ، بنەماڵـەی نـەهری ، بنەماڵـەی بـەردخان لەگـەڵ شـێخ وئاغاكـانی كـورد ئەوانـەی نـاڕازیبوون كـە شۆڕشـیان كردبـوو ، مـەجالێك دەبێـت كـە لەگـەڵ یـەكتری ئاشـنا دەبـن ، بۆیـە دەبیـنین كۆمەڵـە كوردییەكان ئەوسەردەمەهەموو كەسی تێدایە ، لەسنەوە بگرە تا دەگاتە مەلاتیە لە ئەرزەڕۆمەوە تا دەگاتە موسڵ ، دەبینن لە هەرشارێك مجموعە كەسێك تێدا بەشدارە ، سەرەڕای ئەم هەوڵدانەی سوڵتان عەبدولحەمید بۆ دوورخستنەوەیكورد لە كوردسـتان ، بەتایبـەتی مەبەسـتم هەڵبـژاردەی سیاسی كورد ، بەڕای من وەكو ڕۆژنامەی كوردستان دەنووسێت ڕەنگە كۆمەڵیەكی سیاسی كوری لە ساڵی 1897 دروست ببی بەپێی ڕۆژنامەی كوردستان كە سەكەی دەڵێ :

ژسالا 1313 ڕۆمیە مەبەستی ڕۆمیە كە دەكاتە 1897 ژقەنجیا ولاتا كرمانجا ڕاخەبتیلرا شغل كرن ، هەروەك مرادخانی دەڵێ : لەبنی نافێ كرمانجاخاودان هـەڤ ، جەمعیەتـەكی چێكرن وە جەریدەیـەكی دەرئـێختن ، نـافی جەریـدەیێ كوردسـتان دانـان ، بـەدرخانیش لـە پێشـەكیە فەرەنسـیەكەی لـە بەیاننامەكەی دەنوسێ دەڵێ : هەر بۆ بڵاوكردنەوەی بیروباوەڕی ئەم ڕێكخراوەسیاسیە بوو كە میقداد مەدحەت بەردخان هاتە میسر بـۆ ئـەوەی بیروبـاوەڕی ئـەم كۆمەڵەیـە بـڵاو بكاتـەوە ، ئەگـەر بێـت و ڕۆژنامەیكوردستان بەووردی بخوێنیتەوە دەبینن ڕۆژنامەی كوردستان ڕۆژنامەیەكی سادە وساكارنییە ڕۆژنامەیـەكی زۆر سیاسـیە ، هێـزی سیاسـی تێدایـە ، كـورد هوشـیاردەكاتەوە كـورد ووریادەكاتـەوە و كوردفیچری سیاسەت دەكات ، هەتا لە هەندێ شوێنیش بـەكورد دەڵێ وابكـە وابكـە مـەلا دەڵێ وابكـە وابكـە ، بەفـەقێ دەڵێ وابكـە ، بـەكوردەكان ڕادەگـەینێ دەڵێن ئێمـە دێـین وادەكـەین ، هـەموو ئـیش وكارێكی سیاسی بەردەوامە ، بەرەئی من ئەگەر جەمعیەی . عزمی قەومی كوردسـتان وای بـۆ دەچـین كەسـاڵی 1900 دامـەزرابێ بـەڵام زۆر نووسـوری دیكـەش هـەن لەوانـە ڕۆهـات ئـالاكۆم لـە كتێبەكـەی بەداخەوە تـاكو ئێسـتا تەرجومـەی كـوردی نـەبووە بـەناوی اسـكی استـنبول كـردلی ، 1453 – 1925 بـەپێی بەڵگەنامـەكانی عوسمـانی وای بـۆ دەچـێت كـە پـێش سـاڵی 1900 جەمعیـەی عزمـی قـومی كوردسـتان هـەبووە ، ئـەم جەمعیـەی عزمـی قـومی كوردسـتان هەرلەلایـەن كوردەكـان ئەسـتەمبۆل دامـەزراوە ، لـە پاشـاندا هەرئەوانـەی لـەناو كۆمەڵـەكانی كوردسـتان تێدەكۆشـان ، ئەگـەر وابـێ ، ئـەم جەمعیەی عزمی كوردستان هەبێ وەبەپێی ئەرشفی حیزبی ققفاسیا بێ لە كۆماری ئازەربایجان ، شێخ عەبدولسەلامی بارزانی 1904 دەكاوس قەفقاتیش دەنووسێ ، ئەگەر شێخ عەبـدوڵڵا بـارزانی لەسـاڵی 1904 دەستی هـەبووبێ لەگـەڵ ڕێكخراوێكـی سیاسـی لـە ئەسـتەمبۆل وەئەگـەر ئـەم ڕێكخـراوە سـاڵی 1904 سوڵتان عەبدولحەمید پێی كرا كە عەبدلڕەحمان بەدرخان قانیع بكا كـە واز لـە ئـیش و كـاری سیاسی بهێنێ ، وەئەگەر ئەم كۆمەڵیە هەبێ وەپێش ساڵی 1900 بێ ، ئـەم پرسـیارە دێتـە پـێش ئایـا ئەو جەمعیەی عزمی كوردستان هەمان كۆمەڵ نەبووە كە لەساڵی 1897 دامەزراوە ، میقداد بەدرخان وپاشان عبدالرحمن بدرخان چوونە میسربۆ بڵاوكردنەوی بیروباوەڕی ئەم كۆمەڵەیە ، لەلایەكی ترەوە دەزانین كە یەكێك لە مەشهورترین ئەندامانی ئەم كۆمەڵەیە كێ بێت ، سەروكەی یان دامەزرێنەرەكەی

فكر دياربەكرى بووە ، ئەحمەد رامز ، ئەحمەد ڕامزى كوردى زادە لوجى بووە ، محەمەد ئەفەندى ، عەلى لۆجە ، پەرتوكى مير بەدرخانيان بەناوى لوتفى بلاوكرد بۆوە ، لوتفى مالمسيانز بۆى دەچىٚ دەڵێت لوتفى هەرهەمان عەبدوڵلا جەودەت بووە ، چونكە عەبدوڵلاجودت بەناوى د . لوتفى معلم لوتفى شتى بلاوكردووە . پەرتووكەكەشى هەر لە مطبعةى عبد الله جودت طبع بووە ، ڕەنگە عبد الله جودت ئەندامیش نەبووبىٚ نزيكى ئەم كۆمەڵەيەبووە ، هەتا دۆزينەوەى ديكۆمێنتى بەلگەيى ، ئێمە ناتوانين ئيسپات بكەين چونكە ئەم شتە هەبووە كە ئەحمەد ڕامز هاوكاريەكى زۆر نزيكى هەبووە لەگەڵ عەبدولرەحمان بەدرخان بۆيە احتمالى ئەوە هەيە ئەوەى ڕێكخراوەى ئێمە باسى دەكەين هەر ئەوە جەمعيەى عزمى قومى كوردستان بىٚ ، ئەگەر چى لە يەكەم كۆنگرەى ئيتحادو تەرەقى مؤسسى ئيتحاد وتەرەقى ، ئيسحاق سكۆتى و عەبدوڵلاجەودەت بوونە ، لەيەكەم كۆنگرەى ئيتحاد و تەرەقى كە لەساڵى 1902 دەبەسترىٚ ، كوردەكانى كەمشارك دەبن ، بەومعنايە نەبووە كە ئەمانە ئەندامى ئيتحادو تەرەقى بوون ، لەوانەى بەشدارى دەبن عەبدولڕەحمان بەدرخان بووە حكمەت بابان ، عەبدوڵلا جەودت بووە ، اسحاق سكۆتى ، ئەم دووانە ئەندام ، بەلام ئەحمەد وئيسماعيل حەقى بابان كەسانى ترە بەڕەئى من دووتەيار دروست دەبىٚ ، لە كۆنگرەكەدا ئينشقاقێكى فيكرى دروست دەبىٚ ، قرارى ڕەگەز پەرستانى تورك بەڕێبەرى ئەحمەد ڕەزادروست دەبىٚ ، بەلام تەيارێكى لامەكەزيش دروست دەبێت زاواى سوڵتان ئەرمەنييەكانيش موشاريك دەبن ، پاشماكى ئەرمەنى لەگەڵ هەندىٚ كۆمەڵەى عەرەبى بەشدار دەبن ، بەومەعنايە دەبىٚ ، كۆنگرەيەكى فراوانى عوسمانى بووە ، نەك وەكو شتێكى بەرتەسكى ئيتحادوتەرەقى تەماشابكەن ، بەڵكو مجموعەيەكى زۆر لە كۆمەڵ موستەقيلەكان ڕاديكاليەكان ، لەسەر ئەو ئەساسەش لە دەوربەرى 1906 – 1907 لە ئەرزە ڕۆم كۆمەڵەيەكى سياسى دروست دەبىٚ ئەم كۆمەڵەيە كوردى نيە ، بەلام كورد دەورێكى ئەساسى تێدا دەبىٚ . بەتوركى پێيان دەگوتن فدائى ، ئەوانەى گيانى خۆيان فيدادەكەن ، كوردنەشرى معارف جمعيتى بەڕێگاى مەكتەب ئەوش دادەخرىٚ نحن ندافع عن شعب كوردى 1911 ئەوش لێرە ئەو هەڵەيە دروست نەبىٚ ، كە كۆمەڵەى هێڤى 1912 دادەمەزرىٚ بەلام كردنەوەكەى بەڕەسمى لە ساڵى 1912 بووە ، زۆر كەسى واى بۆ دەچن كە ئەمە ساڵى 1910 دامەزراوە ، بەلام لەساڵى 1910 دانامەزرىٚ ، بۆ چونكە ئێمە مجموعە بەڵگەنامەيەكمان هەيە لەبەر دەستە كەواى بۆ دەچن كەساڵى 1328 ڕۆى ، ئەوانەى كەتەرجوومەيان رديە 1328 ى بەهجرى 1328 – 1910 ى ميلادى 1328 ى ڕۆى 1912 ميلادى نووسينەكانى زنار سلۆپى كە بەخۆىئەندامى سەركردايەتى بووە مەمدوحسەليم كە سكرتێريى بوون ، ئەمانە هەموو دەڵێن 1912 – د . نورى دەرسيمى ئەويش دەڵىٚ ساڵى 1912 ، ئەوانەى لەساڵى 1919 شتێك بلاودەكەنەوە دەڵێن بەبۆنەى هەشتەمين سالگەردى دامەزراندنى هێڤى ، جەژنێك دەكەن ، ئەوەش دەكاتە 1912 – 1922 يش شتێكيان بلاوكردەوە واتە هەمووى واى بۆ دەچن كە ساڵى 1912 دامەزراوە بەلام ئيعلان كردنە لە 27 ى پيرمەهى 1912 دابووە ، ئەم جەمعيە ئەگەر چى جەمعيەتەكى قوتابيان بووە ، بەلام لەپاش كۆنگرەى خۆى لە ساڵى 1913 دا تەواو ڕێبازەكەى دەگۆڕێت و بەرەو حەرەكەتێكى سياسى زۆر ڕوون دەچىٚ ، هەموو سياسيانى كورد بێجگە لە قوتابيان بەشداردەكەن ، لە جەمعيەتاكانى دا ، ئەوانەى لەپاش جەنگى جيهانى يەكەم دامەزران ، جەمعيەى

استخلاسی کوردستان یەکەم جەمعیەی سیاسی گەورەی کوردی بووە ، لە کوردستانی قاجاردا دروست بووە و سەرۆکەی سید عبد الله کوڕی شێخ عەبدولقادری بووە ، سەیدتەها لەگەڵیان بووە ، ئیسماعیل ئاغا بووە ، سید محمەدی کوڕی سید کەمال بووە ، هەروەها شێخ عەبدولقادریش بەپێی هەندێ بەڵگەنامەی ئەلمانی دەڵێن شێخ عەبدولقادر زۆر هاوکاری لەگەڵ ئەم ڕێکخراوە ، هەروەها شێخ عەبدولەلامی بارزانی هاوکاربووە ، ئەگەر ئەندامیش نەبێ ، بەڵام هاوکاربووە نزیك بووە لەگەڵ ئەم ڕێکخراوە ، بەڵام جەمعیەتێکی تر حزبی موجیینی کوردستان بەسر کوردایەتی مەلا خدری دەرسیمی دامەزرا ، کاتبی عموومی نوری دەرسیمی بووە ، ئەمە جەمعیەتێك بووە زیاتر لە دەرسیمەیەکان پێك دەهات ، بەڵام ئەندامی تورکیش وەردەگرت فەیەلەسوفی کورد ڕەزا ئەندام بوو لەناو ئەم جەمعیەتە . بەڵام ئەمانە هەمووی جەمعیەی بچووکن ، کورد لەو فەترەیە جەمعیەی بچووك بچووك پێك دەهێنێت ، کەحوریەت وئیئتلاف دێتە سەرکار لە دوای ساڵی 1912 دا زۆر جەمعیەتی کوردی پێك دێت بەلام کە تیتحادوتەرەقی دێتە سەرکار ئەم جەمعیاتانە بزردەبن ، دەوری سیاسی کورد لەو فەترەیە زۆر بووە ، بۆ نموونە یەکێك لەوانە ئیئتلاف و حوریەت ، کە دەڵێن سکرتێریش بووە ، ڕەواندز زادلەر لە حیزبی مجدد بووە کە حیزبێکی تورکیە و ئێمە ناتوانین بەحیزبێکی کوردی دایبنێین ، بەڵام لوتفی فکری کوڕی حوسێنی فکری پاشای دەرسیمی ، سەرۆکیان بووە و زۆر کەسی کوردیشی لەگەڵ ئەندام بووە ، جەمعیەتێکی تر زۆر گرنگ لەوسەردەمەدا کوردێکی زۆری بەخۆوەگرتبوو ( کورد ارشادو ارتقاء جەمعیتی ) ساڵی 1912 جەمعیەتێکی کورد بەناوی ( کورد تشریك مسائل جمعیتی ) دادەمەزرێ سکرتێرەکەی عەبدوڵلا سادی پالەیی بووە ، ئەمە لەگەڵ مجمووعەیەکی لە جەمعیەتی هێڤی کە لە جەمعیەتی هێڤی جودا دەبنەوە ، یەکگرتنێك پێك دروست دەکەن و ئەم یەکگرتنە چی دروست دەبێت . ( کورد ارشادو ارتقاء جمعیتی ) دروست دەبێت ، دامەزرێنەرو سەرکردەکانی ئەم جەمعیەتە بریتی بوون لە : خیرەدینی بەرازی عەزیز بەگی سیرتی ، شێخ عوسمانی ڤەلاشگری مەلا سەلیم ئەفەندی ئەوەی کە بەشۆڕشەکەی ساڵی 1914 مەشهورە ، پاشان لەلایەن عوسمانیەوە شەهید دەکرێت لە بەدلیس ، لەگەڵ بەکرە فەندی وە شێخ عەلی و شێخ شەهابەدین ئەمانە لە بنەماڵەی خەوسی بۆ زاتی بوون . ئەم جەمعیەتە دادەمەزرێنن ، وە پاشان بە شۆڕشێکی چەکداریش هەڵدەستن ، ئەم فەترەیە ناتوانین بڵێین فەترەیەکی دیار بوونی ئەحزاب بە مەفهوومی ئەمرشۆ بێت ، بەڵکو ئەمانە هەندەك جەمعیەتی سیاسی بچووك بچووك بوونە ، لە جزرودا بووینە سەرکردەکانیان زۆرەی هەرەزۆری لە شێخ . ئینجا ئاغاکانی پێك دەهات ، ئەو فەترەیە ، پێویستە ئەوەش لەبەر چاو بگیرێت ، زروفی ئابووری ، کەلتووری سیاسی ، کوردستانی ئەو سەردەمە ، بەحەقیقەت ئەم جەمعیەتانە دەبنە بناغەیەکی بۆ سەرهەڵدانی بزاڤی سیاسی لە پاش جیهانی یەکەم کە ئەوجا دەبینین جەمعیاتی سیاسی ڕێك و پێك ئەحزابی سیاسیش لە ساڵی 1919 سەرهەڵدەدا ، بەڵام بناغەکەی ئەو جەمعیەتە ئەو حەرەکەتە کەمن باسم لێکردن .

بەروار : 6 / 8 / 2002